## نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی & سێ کوچکەی دەوڵەتی ئایندەی عێراق .

ئەبوبکرئەحمەد سلێمان

هوڵندا2005-2-14

ئەگەر چاوەڕوانی و ئاوات وئارەزوەکانی سەرجەم خەڵکی ستەمدیدی عێراق لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان وئەنجومەنی نیشتیمانی ، هێنانەدی ئەمنیەت وئارامی وپێکەوەژیانی ئاشتیانە بێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئایندەی عێراقدا ، لەلایەکی ترەوە بەرژەوەندی جۆراوجۆرو جیاوازی بیروڕای دژبەیەک سەبارەت بەزۆرلەمەسەلەگرنگەکانی دواڕۆژی ئەم وڵاتە ، پێدەچێت ببێتەهۆکارێکی دیکەدژبەبەرژەوەندینکانی خەڵک بۆگەرم کردنی مەیدانی ململانەی نێوان ئەحزاب وتیرەوتائیفەوکەسایەتیەعێراقیەکان لەناودەوڵەتی ئایندەی عێراق وئەنجومەنی نیشتیمانیدا ، بەتایبەتیش لەنێوان سەرۆک کۆماروئەنجومەنی وەزیران و ئەجومەنی نیشتیمانی سەبارەت بەدابەشکردنی دەسەڵات ومەسەلەی مانەوەونەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق و دیاری کردنی دەسەڵاتی هەریەک لەسەرۆک کۆماروسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ومداخەلەی ئەمریکا لەنوسینەوەی دەستور ی عێراق ویاســـای بەڕێوەبردنی وڵات وئەحوالی شەخسی وچەندین مەسەلەی گرنگی ترکەپەیوەندیان بەمافی نەتەوەومەزهەبەجیاوازەکانەوەهەیەلەعێرقدا.

بەپێی دەستوری کاتی عێراق سەرۆک کۆمار 2 جێگری دەبێت ، واتە سەرۆکایەتی وڵات لە {3}کەس پێک دێت ، شیعەیەک و کوردێک وسونەیەک ، هەموبڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەبێ بەڕەزامەندی هەرسێکیان بێت ، هەریەک لەوسێ کەسە مافی بەکارهێنانی فیتۆی هەیە ، ئـەم پێش شەرتە لەدەستوری کاتیدا لەبەر نەبونی متمانەبەیەکتری دانراوە ، ئەم سێ کەسە لەسێ تیرەوتائیفەو بەسێ بیروڕاوبەرژەوەندی ناکۆک بەیەکەوە کۆبونەتەوە ، هەروەها ئەم کێشەیە بەهەمان شێوە لەناوئەنجومەنی نیشتیمانیشدا ڕەنگ ئەداتەوە ، سەرۆک کۆمار بۆهەربڕیارێکی گرنک جگەلە 2جێگرەکەی ئەبی ڕەزامەندی پارلەمانیشی بۆوەربگرێت .

ئەنجومەنی نیشتیمانی بەپێی دەستوری کاتی سەرپەرشتی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش ئەکات ، بەڵام یاســاکەوردەکاری زیاتری لەم بارەیەوە نەداوە ، سەبارەت بەم مەسەلەیەش ئەنجومەنی نیشتیمانی ڕوبەڕو ی کۆمەڵێک کێشەئەبێتەوە بەتایبەتیش لەگەڵ پارێزگاکانی کوردستان وپارێزگا سوننەنشینەکان ، بەپێی دەستوری کاتی هەریاسایەک کە سێ پارێزگاپێی ڕازی نەبێت مافی ئەوەیان هەیە ئەویاسایەڕەت بکەنەوە .

لانی کەم تەشکیلەی دەوڵەتی ئایندەی عێراق پێک دێت لە سێ بەرەی سیاسی بەسێ بەرنامەی جیاوازوناکۆک بەیەک.

1- بەرەی شیعەکان : ستراتیجی بەرنامەی ئەم بەرەیەلەناوەرۆکدادامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی یەلەعێراقدا ، وەلەبەرنامەی لانی کەم وتاکتیکی ڕۆژانەدا ئەوەندەی بۆی بکرێت لەنوسینیوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق ودەوڵەتی ئایندەداپایەوبنەماکانی بەرنامەی خۆی ئەچەسپێنێت ، بۆئەم بەستەش زیاترهەوڵ ئەدات سودلەهاوپەیمانی عەرەبی سوننە وەربگرێت کەبەهۆی ئینتیماوبەرژەوەدی قەومیانەوە وەک دۆستێکی نیوەڕێی ئەم مەیدانەلەناوئەنجومەنی نیشتیمانیدازۆرایەتیەک لەدژی بەرەی کوردی وبەئاڕاستەی ئامانجەکانی دواڕۆژ پێک بهێنێت .

2- بەرەی کوردستانی : ئاوات وئارەزوی کوردەکان سەربەخۆیی کوردستان ودامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیە ، هەموهەنگاوێکی ڕۆژانەی ئەم بەرەیەبەکردەوەبەئاڕاستەی جیابونەوەئەبێت لەعێراق وخەبات وتێکۆشانی بەرەی کوردستانی لەجیاتی بەهێزکردنی ڕەکیزەکانی دەوڵەتی یەکگرتوویی عێراق بۆلاوزکردن ولەبەریەک هەڵوەشاندنی ئەم دەوڵەتەئەبێت لەبەرژەوەندی ئامانجی ستراتیژی دواڕۆژی خۆی

3- بەرەی سوننە: تەنهالایەنێک کەزەرەرمەندەلەڕوخانی ڕژێمی بەعــس ، سوننەمەزهەبی عێراقە ، کەپێشتردەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق لەدەستی ئەوان دابو ، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی صـــدام ئەونازونیعمەتەیان لەدەست داوە ، هەموپەلەقاژەی ئەوان بۆئەویەکەلەخەڵکانی تریشی تێک بدەن وماستێک کەبۆئەوان نەبێت خۆڵی تێ ئەکەن ، کەنەیان توانی پرۆسەی هەڵبژاردن شکەست پێ بهێنن ئێستالەهەوڵی خۆکۆکردنەوەدان بۆبەشداری کردن لەنوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی وپرۆسەی سیاسی عێراقدا ، لەڕێگای ڕێکخستنەوەی هێزەپەرشوبلاوەکانی حیزبی بەعسی ڕوخاو لەدەوری خۆیان خەون بەگەڕاندنەوەی دەسەڵاتی لەدەست چویانەوەئەبینن وبۆئەومەبەستەش شەڕی سیاسی خۆیان دێننەناوپارلەمان وئۆرگانەکانی دەوڵەتی ئایندە .

واتەئەم سێ بەریە شیعەوکوردو سوننەکەدەوڵەتی ئایندەی عێراق پێک ئەهێنن هیچ ئینسجامێکی دەرونی وهیچ بەرژەوەندیەکی ستراتیدی هاوبەش لەدەوری یەکتر کۆی نەکردونەتەوە ، هەربەم مانایەش ئەوانەناتوانن پێکەووەکاری سیاسی هاوبەش بکەن وخەبات بۆبەهێزکردنی گیانی برایەتی وتەبایی وبەرژەوەندی گشتی دەوڵەتی یەکگرتوبکەن ، لەئەنجامی ئەم لێکدانەوەیە پێ ناچێت ئەمنیەت وئارامی وئاشتی تەبایی لەم وڵاتەدا بەرقەرار بێت ، بەپێچەوانەوە ئەنجومەنی نیشتیمانی ودەوڵەتی ئایندەی عێراق لەجیاتی ئەوەی ببنەسەرچاوەی یاســـاوپشتیوانی چەسپاندنی ئاشتی وئارامی بۆوڵات دەبنەدوسەنگەری ناکۆک بەخواست وئارەزوەکانی سەرجەم گەلانی عێراق وئایندەی ئەم وڵاتەبەرەو نارۆشنی وتاریکی ئەبات سەبارەت بەسیادەوسەروەری عێراق ، هەندێ لەلایەنەعێراقیەکان ئەمریکابەفریاد ڕەس ودۆست وهاوپەیمان ئەزانن ورنگەبەرژەوەندیان لەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکاداهەبێت وهەندێکی تربەپێچەوانەوە ئەمریکابەداگیرکەرئەزانن وئەخوازن بەزوترین کات لەعێراق بچێتەدەرەوە .

لەلایەکی ترەوەئەمریکابەخاتری چاوی کاڵی خەڵکی عێراق ڕژێمی صـــدامی نەڕوخاندوەوئەم شەڕەشی بۆئەوەنەکردوە دەوڵەتی ئایندەی عێراق لێی ببێتەدوژمن وەکوئێران وهێلکەکەی بۆشیعەوجیقنەکەشی بۆخۆی ودۆستەکانی بێت ، ئەمریکا لەدوای چوندەرەوەشی لەعێراق جگەلەوەی گەورەترین پێگەی سەربازی وسیاسی خۆی بەجێ ئەهێڵێت لەم وڵاتەدا هەروەها هەوڵ ئەدات بەشێوەی جۆراوجۆردەست بخاتەخاڵ بەخاڵی دەستوری هەمیشەیی و ڕەکیزەکانی دەڵەتی ئایندەی عێراق وئایندەی ئەم وڵاتە لەبەرژەوەندی خۆی بچەرخێنێت وسەردانەکەی ئەمجارەی ڕامسفێلد وەزیری جەنگی ئەمریکابۆعێراق بۆئەوەبوکەبتوانێت هاوپەیمانییەک بۆدۆستەکانی خۆی ڕێکبخات لەبەرامبەرمەترسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعەلەنمونەی ئێران .